## جودا روانین، جیاواز نووسین
له شیعری دێرتر له دێر-ی لەیلا وەزیریدا



**ئاوات حەسەن ئەمین**
4/8/2016

شیعر ئەو ژانرە ئەدەبییە باڵایەیە کە حوکمی پێش وەختە قبوڵ ناکات، تا ئەو کاتەی سەرنجت دەچێتە سەری و دەیخوێنیتەوە، ئەوسا ئیتر سەلیقەی خوێندنەوە چێژت پێدەبەخشێ و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر نەستت دروست دەکات.
جیاواز لە ناوو ناوبانگ- ڕەگەز و توخم، شیعر خۆی کلیلی سۆڵی چونە ناو هەناوی دەقت بۆ واڵا دەکات، منیش لە مێژووی خوێندنەوەو شیکردنەوەدا، هەرگیز هەڵوێستە لەسەر ناو و ناوبانگی بەرهەمهێنی دەق ناکەم، بە بارتەقای ڕاوەستانم لەسەر خودی ئیستاتیکای دەقەکە. لە میانەی خوێندنەوەمم **بۆ ئەدەب و هونەری ژمارە (٩٥٧)ی ڕۆژی ٢٠١٦/٧/٢٨**، سەرنجم چووە سەر ناونیشانی شیعری (**دێرتر لەدێر**)ی خاتوونی شاعیر **لەیلای وەزیری**. بێگومان ناونیشان پانتاییەکی گرنگ و کاریگەر داگیر دەکات لە نەخشەی دەقدا، ئەم ناونیشانەش (**دێرتر لە دێر**) جۆرە چڕ بوونەوەیەکی بە مەبەستی تیادایە کە دواتر ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شاعیر نایەوێت بە ئاسانی خۆی بدات بە دەستەوەو دەقێکی ئاسایی بنووسیت، سەرەتا کە دەڵێت:

**(بەختەوەر ترین مردووەکانی ئەم جیهانە بێدەرەتانە**
**بە میچی ئاسمانی ئەم شارەوە هەڵواسراون).**



لێرەوە.. ئەم سەرەتایە جۆرە سەرسوڕمانێك لە لای خوێنەر دروست دەكات: بەوەی بۆچی بەختەوەرترین مردووەكان، بە میچی (كە مەبەستی بنمیچی) ئاسمانی ئەم شارەوە هەڵواسراون؟!
یان بۆچی.....
**(خۆڵەمێشی ئەسپەنەرە سووتاوەكانی ڕۆژەكانی هەینی و خەفەتە تۆزاوییەكانی داوێنی كراسەكەی تابلۆكانی شاری داپۆشیوە).**
لە هێنانەوەی ئەو دوو نموونەیەی پێشەوە، مەبەستم ڕاڤە كردنی دەقە شیعرییەكە نییە، بە قەدەر ئەوەی مەبەستمە ڕستەی شیعری هەست پێ بكەم، لەمیانەی دەقێكدا كە پێم وایە شاعیرەكەی نەخشەی بۆ داناوە كە جودا بنوسێت، هەروەها جودا ڕوانین بەرجەستە بكات. لە دواجاریشدا دەقێك بەرهەم بهێنیت، كە دەقی خۆی بێت، واتا لە ناوەختی شیعرەكەدا كاریگەری كەسی ترو دەقی تری بە سەرەوە نەبێت (هەرچەندە تا ئەندازەییەكی كەم سروشتییە) بەڵام زیادەڕۆیی تیادا نەكرابێت و ئەگەر دەق ئاوێزانیش هەبێت، لە چوار چێوەی هێڵە گشتییەكە دابێت و لێو ڕێژی نەكردبێت.
لە درێژەی خوێندنەوەی دەقە شیعرییەكەدا، جۆرێك لەنائومێدی بەدیدەكرێت كە سەرچاوەی لەجیهانبینی نوسەرەكەیەوە وەرگرتووە. لەوەدا بە دیار دەكەوێت كە دەڵێت.
**(لاشەی شەقامە لاڵەكان، لەهەمووان عاشقترن)**
ئەگەر هەموو دەقێكی شیعری لە دێڕێكدا چڕ بكرێتەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە دەقی ئەم شاعیرەماندا.. دێرەكەی پێشوو دەبێتە شابەیت و.. تەواوی جیهانبینی شاعیر بەدیار دەخات تیایدا چڕ دەبێتەوە. شاعیر هێڵێكی بەیانی هەڵكشاوی لە نووسینی شیعرەكەیدا پەیدا كردووە، باڵایی داوەتێ و تا ئەندازەیەك، دواتر سەرەو خوار بوونەوەی دەقەكەی لەبەر چاو گرتووە وەكو چۆن لە كۆپلەی یەكەمدا ئاماژەی بۆ كردووەو دەستی پێ كردووە لە ناوەڕاستیشدا بە شا دێڕێك شیعرەكە چۆتە ترۆپك. دواتر .. بە قفڵێكی سەركەوتوو شیعرەكەی بە پایان گەیاندووە

**(ئاخرین بزەی مەرگیش**
**بەزەیی بەم تابووتە بێ مردووەی لەشم نایە**
**پێڵاوەكانیشم كەوتە هەناسە بڕكێ**

**لەم ڕۆشتنەدا چرکەی سەعاتەکەم**
**گرێ ئەدەم......**
**بە تریفەی مانگەوە**
**با شارە بێ چراکانی ئەم ئاسمانە**
**لەخەڵوەتی پەنجەرە درۆزنەکاندا**
**دەرکەون).**

لە کۆتاییدا .. حەز دەکەم ئاماژە بەو دەستەواژە دەستە جەمعیانە بەم کە تیایدا شاعیر خۆی بەداپڕاو نابینێت لەکۆمەڵگا، چونکە ئەو بەجۆرێك لە جۆرەکان دەڕوانێتە جیهان، بە ئامادەبوونی کەرەستەکانیەوە (**مرۆڤەکان-ئەستێرەکان-شەقامەکان-مردووەکان**) بەواتای فەنابوونی خود لە کۆدا، لێرەشەوە شاعیر دەقێکی بەرهەم هێناوە کە ئاسان خۆی نادات بە دەستەوە، کاتێکیش دەرگای نەستی ترازان، بە ئاسانیماڵەکەی جێناهێڵێ.



منیش لێرەوە لە میانەی ئەم خوێندنەوەیەوە (**کەپشتم بەهەستی چێژ وەرگرتن بەستووە**) دەگەمە ئەنجامی ئەوەی ئەم شیعرە جیاواز نوسراوە، چونکە جیاواز ڕوانین هەیە لە خودی شاعیرەکەو جیهانبینییەکەشی.

**سەرچاوە:**

ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە ٩٥٧ ڕۆژی ٢٠١٦/٧/٢٨
شیعری (دێرتر لە دێر) ی شاعیر لەیلا وەزیری.

4/8/2016
ئاوات حەسەن ئەمین

http://knwe.org/Direje.aspx?Cor=9&Besh=Araste&Jimare=43515

## دێرتر لەدێر
## لەیلا وەزیری

بەختەوەرترین مردووەکانی ئەم جیهانە بێدەرەتانە
بە میچی ئاسمانی ئەم شارەوە هەڵواسراون
پێکەنینە ڕەنگ هەڵپڕووکاوەکانیش
لەگیرفانی ژنێکدا قۆتماخەی بەستووە و
خۆڵەمێشی ئەسپەنەر سووتاوەکانی ڕۆژەکانی هەینی و
خەفەتە تۆزاوییەکانی داوێنی کراسەکەی
تابلۆکانی شاری داپۆشاوە
لەهەموو دێرە بێنەهایەت خەت خەتیەکانەوە
لەبێنەهایەتی چاوەکانتەوە
بێنەهایەت حەز لەخەڵوەتی پەنجێرەکاندا نووستوون
چەنێ دێرتر لەدێر ئەم هاتنە
ویستنمان نابیستن
ئەو بەرماڵانەی
وا چۆلەکەکان لەسەری نوێژیان ئەخوێند
ڕووحیان نەماوە
لاشەی شەقامە لاڵەکان لەهەموومان عاشقترن
چەنێ پیادەڕەوی بێپیادە
چەنێ پیادەی بێپیادەڕەو قژەکانم ئاڵۆز و ڕووحم بێزار
لەم هەموو هاتنوچوونانەیە
لەچکە ڕەشەکانی پەژارە لەسەر
هەموو تاقەتە بێتاقەتیەکانم لا ئەدەم و
ئەیفرۆشم بەتۆفانی چاوەکانی با
هەر ئەڕۆم و ئەڕۆم سێبەرەکەم لەخۆم درێژتر ئەبێ
ئاخرین بزەی مەرگیش
بەزەیی بەم تابۆتە بێمردووەی لەشم نایە
پێڵاوەکانیشم کەوتنە هەناسەبڕکێ
لەم ڕۆیشتنەدا چرکەی سەعاتەکەم
گرێ ئەدەم
بەتریفەی مانگەوە
با شارە بێچراکانی ئەم ئاسمانە
لەخەڵوەتی پەنجێرە درۆزنەکانا
دەرکەون.

## سنە
## لەیلا وەزیری

لەژمارە ٩٥٧ی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ بڵاو کراوەتەوە